گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاستەنگە سیاسییەکانی گەشەسەندنی کولتووری توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە شاری هەولێر

**م.ی. یوسف حسن حسين**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
yousif.husen@su.edu.krd

**پ.ی.د. عبدالله خورشيد عبدالله**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
dr.abdulla_56@yahoo.com

## پوختە

کولتوور بنەمای سەرەکیی گەشەسەندنی کۆمەڵگا و دیاردەیەکی مرۆڤایەتی و ئامرازێکی گرنگی پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان بە ژینگەی دەوروبەرە، گەشەسەندنیش پرۆسەیەکی فرەڕەهەندی هاوچەرخە کە لە ئەدەبیاتەکەیدا باسی گەشەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، مرۆیی دەکرێ. لەم توێژینەوەیەدا بابەتی گەشەسەندنی کولتووری و خستنەڕووی ئاستەنگەکانی گەشەسەندنی کولتووری لە شاری هەولێر وەک پرسی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە باس و شێکراوە. هەروەها سیستمی سیاسی و شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، ڕەهەندێکی گرنگ و سەرەکیی گەشەپێدانی کولتوورییە. سیستمی سیاسی کۆمەڵگای توێژینەوە کە سیاسەتی گشتی ئاراستە دەکات؛ لەژێر شەپۆلی کاریگەری و دەستێوەردانی بنەماڵە و پەیوەندیی خزمایەتی و حزبی سیاسیدایە، دەستێوەردانی حزب لە کاروبار و بڕیارەکانی حکومەت، وەک دیاردەیەکی ناتەندروست هەڵسووکەوت دەکات. پەراوێزخستن و لاواز بوونی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لەو ڕەهەندانەیە کە ئاستەنگی بەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسەتی کولتووری-نەتەوەیی دروستکردووە.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/٢٨
پەسەندکردن:٢٠٢١/٦/١
بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
*Culture, Cultural change, Political Culture, Development, Cultural development.*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.2.05

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم باسە توێژینەوەیەکی چۆنایەتیی ئەنترۆپۆلۆژیا کولتوورییە و بە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیا بە بەشداریی ڕاستەوخۆی توێژەر لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە. گەشەسەندن دیاردەیەکی گشتگیر و فرەڕەهەندە، کولتوور یەکێک لەو بابەتانەیە کە بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا هەیە. ڕێگریکردن لە گەشەسەندنی کولتوور، بەواتای ڕێگریکردن لە گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە. هەروەها حکومەت وەک دەزگایەکی سیاسی و گەشەپێدەری سیاسەتی کولتووری و پاڵنەری پرۆژەکانی نەتەوەیی، لەژێر هەژموونی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی حزبییدایە، ئینتیمای حزبی لەسەرووی ئینتیمای نەتەوەییە. لەم توێژینەوەیەدا بە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیا بە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی توێژەر لە مەیدانی توێژینەوە، ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی گەشەسەندنی کولتووری لە شاری هەولێر دەستنیشان کراوە.

## پێشەکی

کولتوور و گەشەسەندن دوو چەمکی گرنگ و بەهاداری سەردەمیانەیە، گەشەسەندن هۆکاری جیاکاری لەنێوان کۆمەڵگای دوواکەوتوو و تازەپێگەیشتوو و پێشکەوتووە. بەهۆی گۆڕانکاری لە ڕەگەزە کولتوورییەکان، ڕۆژانە ئاڵوگۆڕی بەرفراوان لە جیهاندا ڕوودەدات و خێرایی گۆڕانکارییەکان لە ئاستێکدایە کە جیهانی ئەمڕۆ لەگەڵ جیهانی پێشووتر زۆر جیاوازە. کولتوور سەنتەر و هۆکاری هەموو کارو چالاکییەکان و کلیلی چارەسەریی کێشەکانی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگای کوردیش ناتوانێت خۆی لە شەپۆلی گۆڕانکارییەکان بەدوور بگرێت. نەبوونی هاوسەنگی و لاوازبوونی ڕۆڵی تەواوکاری لەنێوان ڕەگەزە سەرەکییەکانی کولتوور، ڕێگا بۆ پەککەوتنی پرۆسەی گەشەسەندن خۆش دەکات. ئەرکی کولتوور ئاراستەکردنی شێوازی ڕەفتار و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگایە. خستنەڕووی هەمەلایەنەی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگای کوردی، کارێکی قورس و گشتگیرە؛ بۆیەش باسکردنی بوارێك لە بوارەکانی گەشەسەندن بەواتای پشتگوێخستنی ئەوانیتر نییە. **گرنگیی** ئەم بابەتە جگە لە خستنەڕووی کاریگەریی کولتوور لەسەر شێوازیی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگای

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوە، خستنەڕووی ئاستەنگە سیاسییەکانی گەشەسەندنی کولتوورییە، **ئامانجی** توێژینەوە بریتییە لە:

١-زانینی پەیوەندیی نێوان کولتوور و گەشەسەندن.

٢-خستنەڕووی ڕۆڵی کولتوور لە گەشەپێدانی چۆنایەتیی ئاستی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا.

٣-شیکردنەوە و خستنەڕووی هۆکاری نەگونجانی نەریت و نوێبوونەوە لە کۆمەڵگای توێژینەوە.

٤-خستنەڕووی ئاستەنگەکانی گەشەسەندنی کولتووری لە شاری هەولێر.

ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی چۆنایەتیی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییە، لەسەر بنەمای باگراوندی تیۆری بنیادی وەزیفی و گەشەپێدانی کولتووری و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی توێژەر لە کۆمەڵگای توێژینەوە، **بەمیتۆدی** ئەنترۆپۆلۆژیا و بەشێوازی ئیستقرایی و بەسوودوەرگرتن لە شێوازی تێبینیکردن و سەرەنجدان و چاوپێکەوتن، جگە لە وەسف و شیکاری و شرۆڤەکردنی پرۆسەی گەشەسەندنی کولتووری، کێشە سەرەکییەکانی ڕێگر بەردەم گەشەسەندنی کولتووری لە کۆمەڵگای توێژینەوە دەستنیشان کراوە. **کۆمەڵگای** توێژینەوە بنیادی کولتووریی سەنتەری شاری هەولێرە، هۆکاری هەڵبژاردنی شاری هەولێر بە کۆمەڵگای توێژینەوە ئەوەیە کە ئەم شارە پایتەخت و ناوەندی کارو چالاکیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی هەرێمی کوردستانە، هەروەها وەڵامی گشت پرسیارەکانی ئامانجی توێژینەوە لەم شوێنەدا بەدی دەکرێن. **نموونەی** چاوپێکەوتنی پێکهاتووە لە پسپۆرانی(زانکۆ، سیاسی و یاسایی) نموونەی شارەزا و پسپۆر هەڵبژێردراون. یەکەکانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە چەند چینی جیاواز لە خۆدەگرن کە بواری پیشەییان پەیوەستە بە بابەتی توێژینەوە.

## بەشی یەکەم: کولتوور و گەشەسەندن(Culture and Development)

### یەکەم: کولتوور (Culture)

ئەنترۆپۆلۆژیستی بەریتانی ئیدوارد تایلۆر پێیوایە: کولتوور پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە لە مەعریفە، بیروباوەڕ، هونەر، ئەدەب، ڕەوشت، یاسا و نەریت کە مرۆڤەکان بەدەست دەهێنێت و بەو سیفەتەی ئەندامە لە کۆمەڵگا(Conrad, 2006: 54). بە بۆچوونی مالینۆفسکی کولتوور گشتێک لە کەرەستە و کاڵایە کە ڕۆژانە بەکاردێت و شێوازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و هزر و بیروباوەڕ و دابونەریتیە کە

ئامانجی دابینکردنی پێداویستییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایە(مالینۆفسکی، ١٣٧٨: ٥٤). هەروەها (کلاید کلوکهۆن) پێیوایە کولتوور هەموو ئەو پلان و شێوازی ژیان دەگرێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو دروستبووە(الغزاعلة؛ ئەوانیتر، ٢٠٢٠: ١٤٣). ئەنترۆپۆلۆژیستی کۆمەڵایەتی راڵف لینتۆن پێیوایە: کولتوور لە دەرئەنجامی کۆکردنەوەی مەعریفە و ئاراستە و جۆرەکانی ڕەفتاری هاوبەش و گواستراو لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگایە(زێباری؛ شوانی، ٢٠١٣: ١٢٧-١٢٨).

کولتوور کۆمەڵێك زانیاری و رەفتاری هونەری، ئابووری، ئایینی و کۆمەڵایەتییە کە کۆمەڵگایەکی مرۆیی لە کۆمەڵگایتر جیادەکاتەوە(پانوف؛ پرن، ١٣٨٩: ٨٧).  سیستمێك لە بیروباوەڕ، بەهاکان، دابونەریت و ئەو ڕەفتارانەی کە ئەندامانی کۆمەڵگا جێبەجێی دەکەن و هۆکاری گونجان لەگەڵ ژینگەی دەورووبەرە کە بەهۆی فێربوونەوە لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە(بیتس؛ پلاگ، ١٣٩٠: ٤٤-٤٧). کولتوور هەموو لایەنی هاوبەشی گروپێکی دیاریکراوە کە شێوازی ژیانی تاکەکان رێکدەخات(اسپردلی؛ مک کوردی، ١٣٩٠: ٥٠).  پێناسەی ئیجرایی کولتوور:

بریتییە لە هەموو داهێنانی ماددی و دەستکەوتی مەعنەویی ژیانی مرۆڤایەتییە کە بەهۆی بەهاکانییەوە ژیان و ڕەفتار ئەندامانی کۆمەڵگا رێکدەخات.

## دووەم:گەشەسەندن(Development)

زۆرجار لە لایەن نووسەران و توێژەرانەوە چەمکی گەشەسەندن(Development) و گەشەکردن (Evolution) تێکەڵ دەکرێت و لەجیاتی یەکتر بەکاردێت. بیرۆکەی گەشەکردن سەرەتا لە بواری زانستە سروشتییەکان سەریهەڵداوە، وەکو هەوڵدانێک بۆ لێکدانەوەیەکی زانستیانەی دیاردە سروشتیەکان کە تا ئەو کاتە تەنیا تیۆلۆژیا و فیکرەی ئایینی خۆیان لەقەرەی ئەم بابەتە دەدا. یەکەمین دەسپێشخەریش لەلایەن زانستی فەلەکناسیەوە بووە لەسەر بنچینەی تیۆرییەکانی کانت(١٧٥٥) و (لاپلاس) دەربارەی دروستبوونی دونیا کە رێگەیان خۆشکرد بۆ ڕوانین لە سیستمی هەتاو و ئەستێرەکان وەکو دیاردەیەکی مێژوویی. دواتر لە ساڵانی(١٨٣٠-١٨٣٣)، چارلس لایل ئەم بیرۆکەیەی هێنایە ناو جیۆلۆژیا و بۆ یەکەمین جار سەلماندی کە سەرڕووی زەمین بەرەبەرە و لەسەرخۆ گۆڕاوە و دەگۆڕێ، پاشان لە فیزیکدا لەبارەی گۆڕینی وزە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکیتر بەکارهات. دوواتر لە کیمیا و  بایۆلۆژیاشی گرتەوە، واتە گەشەکردن و پەرەسەندنی جۆرەکانی گیانلەبەر و درەخت لەلایەن

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لامارک(١٨٠٩) و دواتریش سەلماندنی تەواوی لەلایەن چارلس داڕوین(١٨٥٠)ەوە. هەروەها مرۆڤ و کولتووری مرۆڤایەتیش بووە بابەتی ئەم جۆرە پێشکەوتنانەی لە بوارە جیاجیاکانی مەعریفیدا کە بووە هۆی سەرهەڵدانی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا و ئێتنۆگرافیا و دروستبوونی یەکەمین و کۆنترین قوتابخانە لە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری کە ئەویش گەشەکردن بوو(میران، ٢٠٢١: ١٧-١٩). هەروەها گەشە(Growth) و گەشەسەندن(development) لە زۆر بواردا تێکەڵ دەکرێن، ئەم دوو چەمکە مانای جیاوازیان هەیە، گەشە چەمکێکی گشتی و یەک ڕەهەندییە کە خاوەن تایبەتمەندیی چەندایەتییە، بەڵام گەشەسەندن چەمکێکی فرەڕەهەندە کە واتای چەندایەتی و چۆنایەتی هەیە(راد، ١٣٨٢: ٥٤-٥٥). گەشە بەواتای زیادبوونی ژمارەی شتێکی دیاریکراوە لە کۆمەڵگادا، لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی نیشتمانی(پرو، ١٣٨٩: ٣٣). گەشەسەندن بریتییە لە گەشەکردنێکی بەردەوامی هەموو بەرهەمی نەتەوەیی کە هاوشانی ئەویش گەشەکردنی بەردەوامی داهاتی تاکە کە دەبێتەهۆی باشکردنی ئاستی ژیانی خێزان و تاکەکان(خەمەش، ٢٠١٢: ٣٢٨). گەشەسەندن گۆڕانکاری و سەردەمییانەبوون و پیشەسازیبوون و پێشکەوتنی وڵاتانە (پیران، ١٣٨٢: ١٠٣).

گەشەسەندن پرۆسەیەکی جیهانی و گشتگیر و ناوخۆییە کە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و گروپ و نەتەوەکانی سەرانسەری جیهان لەخۆ دەگرێتەوە، گەشەسەندن بەواتای گەشەپێدانی ڕۆڵی تەواوکاری لەنێوان هەموو بنیادەکانی ناوخۆیی کۆمەڵگایە، بەبۆچوونی پرۆ گرنگیدان بە گەشەسەندن بەواتای گۆڕانکاریی بنەرەتی لە ئامرازەکانی ئابوورییە، ئەو پێیوایە گەشەسەندن بۆ مرۆڤەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەواتای گەیشتن بە ئامانج و کاملبوونی ژیانی مرۆڤایەتییە(پرۆ، ١٣٨٩: ١٩-٢٠). گەشەسەندن بەواتای گۆڕانکاریی چەندایەتی و چۆنایەتی ئاستی ژیان و فەراهەمبوونی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتییە،کەواتە بەپێی سەردەم ژیان کاملبووە و ئامانجەکان بەدیهاتوون و کۆمەڵگا پێشکەوتووە.

## بەشی دووەم: گەشەسەندنی کولتووری(Cultural Development)

لەجیهانی دووای جەنگی سارد، جیاوازییەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئابووری شرۆڤە ناکرێن، بەڵکو لەسەر بنەمای کولتووری هەڵسەنگاندنی جیاوازییەکان کراوە. چونکە گەلان لەشێوەی

ڕەچەڵەکی ئێتنیکی، ئایین، زمان، مێژوو، بەهاکان، نەریت و دامەزراوەکان لە خۆیان دەگەن و خۆیان دەناسن. لە جیهانی نوێدا، ململانێ لەنێوان شوناسی کولتووریی جیاواز دروستبووە. چونکە کولتوور هۆکاری یەکخستنی کۆمەڵگایە. لەجیهاندا گەلانێک هەن ئایدیۆلۆژیا لەیەکتریان جیادەکات. کەچی کولتوورێک لەیەک ڕێگا بەیەکتریان دەگەینێ(هینتگتون، ٢٠١٦: ١٦-١٩). گەشەسەندن بوارێکی بنەڕەتیی کولتوورە، تەمەنی ئەم پرۆسەیە نزیکەی نیو سەدەیە کە لەئەنجامی ئەزموون و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییەوە هاتووتەدی. بەها کولتوورییەکان سەرچاوەی سەرەکیی ڕەفتار و کردار و هزر و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە کە پارێزگاری لەکار و کردەوە، شێوازی بیرکردنەوە، هەلوێست، ئەزموون، باوەڕبوونی ئەندامان دەکات. بۆیەش گەشەسەندن بە یەکێک لە پێداویستیی سەرەکییەکانی کولتوور هەژمار دەکرێت(ساری، ٢٠١٤: ٧٧-٧٩). گەشەسەندنی کولتووری یەکێك لەو بابەتانەیە کە بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر ئاراستە کراوە، فرە شرۆڤەکاری نیشانەی دەوڵەمەندەیی بابەتەکەیە. لەم تەوەرەدا پێناسەی جیاواز دەربارەی گەشەسەندی کولتووری ئاراستە دەکرێت.

## یەکەم: چەمکی گەشەسەندنی کولتووری(Cultural Development)

چەمکی"گەشەسەندنی کولتووری" لە ئەفریقا سەریهەڵدا و ئەوەش پەیوەندی بە بزاڤی ڕزگاری سیاسیی وڵات و نەتەوەکانی ئەوێوە هەبوو. سەرەتا ئەم چەمکە سروشتێکی تیۆرییانەی هەبوو لەم ڕووەوە کە بانگەشەی سەربەخۆیی نیشتمانیی و جۆرێک لە گەڕان بەدووای ناسنامەی کولتووری بووە. چونکە لەبەر تەنگژە و قەیرانەکانی دوای سەربەخۆیی، گەشەپێدانی گشتیی مەسەلە کولتوورییەکان پەراوێز خرابوون. لە کۆنگرەیی جیهانیی یۆنسکۆ لەساڵی(١٩٨٣) گەشەپێدانی کولتووری وەک ڕەهەندێکی بنەڕەتیی گەشەپێدانی گشتی شرۆڤەکرا. بۆیەش گەشەپێدانی کولتووری لە دروشمێکەوە گۆڕا بۆ پرەنسیپێکی بزوێنەر. (ئەماد مهتار) بەڕێوەبەری گشتیی یۆنسکۆ پێیوایە: ئەگەر گەشەی ئابووری هۆکارێکی سەرەکیی گەشەپێدان بێت، ئەوا بۆچوونە کولتوورییەکانن کە ئاراستەکانی دیاریدەکات و دەیخەنە خزمەت کەسان و کۆمەڵگا(میران، ٢٠٢١: ١٣٠-١٣٢). گەشەسەندنی کولتووری بەواتای گەیشتن بە ئاستی هەرە بەرزی ژیان و بەدەستهێنانی بەها بەرزەکانی کولتوورییە. کەواتە گەشەسەندنی کولتووری پرۆسەیەکی بەردەوامە و پێویستیی بنەڕەتیی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگایە (امیری، ١٣٨٩: ٨٨).

گەشەسەندنی کولتووری پرۆسەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی و خاڵی کۆتایی و باڵای پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتییە. سەرەکیترین ئامانجی گەشەسەندنی کولتووری، دابینکردنی خۆشگوزەرانی و گەیشتن بە چۆنایەتیی ئاستی ژیانێکی سەردەمییانەیە(راد، ١٣٨٢: ٦٨). هەروەها گەشەسەندنی کولتووری بریتییە لە پرۆسەی چەندایەتی و چۆنایەتی کە لەگەڵ ڕەهەندی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی ژیانی مرۆڤایەتی لە پەیوەندیدایە، بەبێ گەشەپێدانی کولتوور؛ گەشەسەندنی بەردەوام زەحمەت و کارێکی بێواتایە(توسلی، ١٣٧٣: ٢٨).

مالینۆفسکی لە توێژینەوەکانیدا باسی پێداویستییەکان و وەزیفەی کولتوور دەکات، پێیوایە کولتوور شێوازێکی رێکخستنە کە کۆمەڵگا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی سەرەتایی ئەندامەکانیان دروستدەکات. کەواتە کولتوور پرۆسەیەکی دینامیکییە کە بەردەوام لە گۆڕانکاری و گەشەکردندایە، پەیوەندیی راستەوخۆ لەنێوان کولتوور و گەشەسەندن هەیە. ئامانجی سەرەکیی گەشەسەندنی کولتووری، دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا لە هەموو قۆناغەکانی مێژوویی مرۆڤایەتییە(مالینۆفسکی، ١٣٧٨: ٨-٧). گەشەسەندنی کولتووری بریتییە لە گەشەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتیی توخمی ماددی و مەعنەویی کولتوور، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو کە ئەویش خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتییە. هەروەها رزگاربوون لە کولتووری بەکاربردن و گەشەپێدانی کولتووری داهێنەر لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی ناوخۆیی و دابینکردنی ژیانێکی شایستەیە کە جێگەی ڕەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگایە.

## دووەم: دابونەریت و گەشەسەندنی کولتوور

بە بۆچوونی سامویل هانتینگتۆن هەر ئەندازە سیستمی سیاسی لەسادەییەوە بەرەو ئاڵۆزی، لە وابەستەییەوە بەرەو سەربەخۆیی، لە نەگۆڕییەوە بەرەو گۆڕانکاری، لەپەرتوبڵاوییەوە بۆ یەکگرتوویی مەیلدار بێت، بە هەمان ڕادە، ئاستی گەشەسەندنی سیاسیی ئەم کۆمەڵگایە بەرز دەبێتەوە. ئەو بەشداریی سیاسی و بە پیشەسازیبوون، بەمەرجی سەرەکیی گەشەسەندنی کۆمەڵگا شرۆڤە دەکات( قەوام، ٢٠٠٩: ١٨). هەروەها مێری داگلاس پێیوایە: ئەگەر سیستمی کۆمەڵایەتی بەشێوازی ئاشکرا و راستگۆیانە بەرێوەبچێت، خەڵک شوێنکەوتەی دەسەڵاتی راستگۆ دەبێتەوە، هەروەها ئەگەر سیستمی کۆمەڵایەتی بەشێوازی راست و دروست پێناسە نەکرابێت، کەواتە خەڵک شوێنکەوتەی دەسەڵاتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نادیار و ناشەفافە کە تێدا دەسەڵات لە دەستی کەسانێکە کە سەرچاوەی کێشە و ناکۆکیی کۆمەڵایەتین(مور، ١٣٩١: ٣٠٣).

خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی لە هەژاری و نەداری باشترە، چونکە گەشەسەندن هۆکاری سەرمایەداری و ژیانێکی شایستەیە. گۆڕانکارییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ نەریت ناکۆکە، لەنێوان نەریت و پێداویستییەکانی مرۆڤ، گەشەسەندن گرنگی بە پێداویستییەکانی مرۆڤ دەدات(سن، ١٣٩١: ٩١-٩٨). کۆمەڵگای نەریتی بەواتای پەیوەندیی میکانیکیی نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگایەکی قەبارە بچووکە کە هێشتا دابەشبوونی کار تیایدا سروشتییە و ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتیی چڕ و ئاڵۆز نەبووە، پەیوەندییەکان راستەوخۆ و لەژێر کاریگەریی هۆکاری سرۆشتییەکاندایە، رێکخستنی کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای سۆز و خوێن و خزمایەتییە کە لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییدا هاوشێوەن(زێباری؛ شوانی، ٢٠١٣: ١٤٨).

ململانێی سیاسی هۆکاری کامڵبوونی سیستمی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی ژیان و دروستبوونی بەهای سەردەمییانە. ململانێی ئەرێنی بنەمای گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هۆکاری گەشەکردن و پێشکەوتن و داهێنانی سەردەمییانەیە(حامد، ٢٠٠٩: ١٥٣-١٥٥). بە بۆچوونی ڤێبەر دەسەڵاتی نەریتی بە کردەی تەقلیدییەوە بەستراوە، ئەندامانی کۆمەڵگا بەپێی دابونەریت و بەگراوندی مێژوویی خۆیان دەسەڵاتی باوک یان سەرۆک عەشیرەت قبووڵ دەکەن. بۆیەش لە کۆمەڵگای نەریتیدا؛ رێزگرتن لە خۆگەورەتر و کەسانی بەتەمەن، بەهادارە(زێباری، ٢٠١٧: ٢١٥-٢١٦). هەرێمی کوردستان کۆمەڵگایەکی خێلەکییە و پەیوەندیی کۆمەڵاتی و بونیادی خزمایەتی کاریگەری لەسەر ژیانی رۆژانە دیار و ئاشکرایە، لەم کۆمەڵگایەدا پەیوەندیی مۆدێرن بە بەراورد لەگەڵ بونیادی خزمایەتی و عەشیرەتی لاوازن، بەهاکانی وەکو ئاغا سەنتەری لەسەر بنەمای خزمایەتی و پشتگیریکردن لە ئەندامانی عەشیرەت و دەمارگیریی خزمایەتی و تۆڵەسەندنەوە، پەنادانی تاوانباران و وەفاداربوون بە ئاغاکان، وەرنەگرتنی میراتی باوک لەلایەن ئافرەت، کوشتنی ناموسی، بەزۆرداری و بەزوویی بەشوودانی کچەکان و ژنبەژنی بەدیدەکرێت، ئێستاکە لە شاری هەولێر بنیادی خێڵگەرایی بەهێزتر لە یاسای فەرمی کار دەکات و کێشە و ناکۆکییەکانی خەڵک لە رێگەی سولحی عەشیرەتی لە دەرەوەی دادگاە چارەسەر دەکرێت، هەروەها

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حزبی سیاسییەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەڵساون بە دامەزراندنی ڕێکخراوی حزبیی تایبەتمەند بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان(عمر، ١٣٩٩: ٢٨٦ ؛ ٣٣٨-٣٣٩).

وابەستەبوون بە خێڵ لایەنێکی گەورەی ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکی کوردی لەخۆ گرتووە. لە ڕۆژگارەی ئێستادا خۆبەستنەوەی تاکی کۆمەڵگای کوردی بە خێڵەکەیەوە، خۆپاراستن لە دوژمن و ڕەهەندی دەروونی هەیە(مصطفی، ٢٠١٢: ١١٣). شێوازی بیرکردنەوە لە کولتووری سیاسی و نەریتیی کۆمەڵگای توێژینەوە سنووردارە، ئەندامانی کۆمەڵگا بەپێی واقیعی کولتووری-سیاسی گرنگی بە کاروباری سیاسی نادەن و هوشیاریی سیاسییان لاوازە. چونکە پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای وابەستەبوون و ناوچەگەری و عەشیرەتی دامەزراوە. وابەستەبوونی بنەماڵەیی و عەشیرەتی هۆکاری گەشەکردنی زەینییەتی نەریتی لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگایە.

## بەشی سێیەم: بونیادی کولتووری سیاسیی شاری هەولێر

### یەکەم: کولتووری سیاسی

کولتووری سیاسی بریتییە لە تایبەتمەندیی شوناس، قەومی، ئەخلاقی، سیاسی و ڕەفتاریی کولتوورێکی دیاریکراوە(عنبری، ١٣٩٠: ١٧٥). هەروەها کولتووری سیاسی لە زنجیرە بنەما، بڕوا و ڕەگەز پێکهاتووە کە مانا بە سیستمی سیاسی دەدات و ڕەفتاری سیاسیی تایبەتی لێدەکەوێتەوە. بە بۆچوونی(گابریل ئالموند و سیلانی ڤێربای) هۆکاری سەرەکیی گەشەنەکردنی وڵاتانی جیهانی سێیەم بۆ فاکتەری ناوخۆیی و کولتووریی ئەم وڵاتانە دەگەڕێتەوە. کەواتە لە ئەنجامی پرۆسەی مێژوویی کولتوورێک دروستبووە کە لەمپەر لەبەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگادا دروستدەکات، ئالموند و ڤێربای سێ جۆر کولتووری سیاسی دەستنیشان کردووە کە بریتیین لە: کولتووری سنووردار، پەیرەوکەر و بەشداریکردن. لە کولتووری سنووردار تاک بە دەگمەن گیرۆدەی کاروباری سیاسی دەبێت و لێی ئاگادار نییە. لە کولتووری پەیرەوکەردا تاکەکان پەیوەندیی هەڵچوو و ملکەچییانەیان هەیە. بەڵام لە کولتووری بەشداریکردندا تاکەکان بە ئەرێنی بەشداری لە کاروباری سیاسیی وڵات دەکەن(قەوام، ٢٠٠٩: ٢٢ ؛ ١١٧-١٢٠).

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشەسەندن پێویستی بە دارشتنەوەی سیاسەتی تایبەتمەند هەیە، بەشێك لە نوخبەكانی سیاسی رێگری لەم پرۆسەیە دەكەن، چونكە لەكاتی گەشەكردن بەرژەوەندیی خاوەن دەسەڵاتەكان ڕووبەڕووی مەترسی لەناوچوون و هەرەسهێنان دەبێت(هینز، ١٣٩٠: ٣٠٦-٣٠٧). یەكێک لە كێشەكانی سیاسەت و كۆمەڵ بریتییە لە دواكەوتوویی كولتووری سیاسی بۆ بەها دیموكراتییەكان، تەنانەت لە هەموو ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموكراسیەت تەنیا ڕووكەش بووە، شكست سیاسی، دۆگمای فیكری، نامۆبوون بە گۆڕانكارییەكانی كۆمەڵگا و داخرانی رێكخراوەیی و دەسەڵاتدارە تەقلیدییەكان ئامادەیی گۆڕانكاری تێدا نییە، لەبەر ڕۆشنایی دواكەوتوویی كۆمەڵ بەگشتی و كولتووری سیاسی، پەرینەوە بۆ كۆمەڵگایەكی مۆدێرنتر كارێكی ئاسان نییە و پرۆسەیەكی ئاڵۆز و درێژخایەنە(باسیرە، ٢٠١٩: ١٢٥). بونیادی كولتووری سیاسیی كۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە:

## یەكەم: خێڵگەرایی

خێڵەكی بریتییە لە ڕەفتار و جیهانبینی كە لەسەر بنەمای وەفاداربوون بە خێڵ یان گروپی خێڵەكی، یانیش شێوازێكی رێكخستنی مرۆڤ لەناو خێڵدایە(Oxford, 2010: 1594). خێڵەكی سیستمێكی سیاسی- كۆمەڵایەتییە كە لەسەر بنەمای پەیمانی وەفادارییە، بوونی گرێبەستی سەربازی و سیاسی لەنێوان تاكێكی دەسەڵاتدار و بەهێز لە بواری دەستڕۆیشتوویی و داهات و پێگەی كۆمەڵایەتیی باڵا كە لەلایەن ئەندامانی كۆمەڵگاوە پەسەندكراوە. لێرەدا ئاغاكان بە شێوازی میراتگری خاوەن هێزی بەڕێوەبردن و وەرگرتنی باج و پارێزگاری لە ئەندامانی خێڵە، ئەندامانیش وەفاداری ئاغاكانیانن لە رێگەی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری و دانەوەی باج و كاركردن بۆ بەرژەوەندیی گەورەكەی خۆیان(ریویر، ١٣٨٦: ١٤٨).

كۆمەڵگای خێڵەكی لەسەر بنەمای كارلێكی ڕووبەڕوو وەستاوە، ئەم كۆمەڵگایە پشت بە نەریت و پەیوەندیی خزمایەتی دەبەستێت(زێباری، ٢٠١٧: ١٨٨). كرداری لاساییكردن یەكێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگای نەریتییە كە لەسەر بنەمای ئەقڵ و مەنتق دانەمەزراوە، بەڵكو لەسەر بنەمای دابونەریتی كۆمەڵایەتی دامەزراوە. كۆمەڵگای نەریتی سیستمێكی داخراوی هەیە كە بە زەحمەت گۆڕانكاری و نوێبوونەوە لە هەرەمی سەرەوەیدا دروست دەبێت(باسیرە، ٢٠١٩: ٢٨٢).

گەشەکردنی زەینییەتی بەرهەمهێنەر سەرەکیترین هۆکاری نوێبوونەوە و رێکخستنی کۆمەڵی مرۆییە، بۆیەش رەوە مرۆییە سەرەتاییەکان، جێگای خۆیان بە گروپی بەرهەمهێنەری سەقامگیری خێڵەکی داوە. رەوتی کاری هاوبەش و دابەشبوونی سروشتیی کار لەنێوان ژن و پیاو و بوونی وەزیفەی هاوبەشی ناوخۆیی، هۆکاری گەشەکردنی پەیوەندیی خزمایەتی لەنێو خێڵدایە (میترۆپۆلیسکی، ٢٠١٣: ٣٥). لە کۆمەڵگای خێڵەکیدا لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ جیاوازی دەکرێت، ئەم جیاوازییەش لە شێوازی بەشداریی ڕەگەزەکان لە چالاکییەکانی ئابوورییەوە سەرچاوەی گرتووە(ئەلنوری، ٢٠٠٦: ٨٦). ئەو کۆمەڵگایانەی کە گرنگی بە ڕابردوو دەدەن، پەیوەندیی خزمایەتی و دابونەریتی ڕابردوو بەسەریاندا زاڵە و گرنگی بە گێرانەوەی قارەمانی و لێهاتوویی سەردەمی ڕابردوویان دەدەن، هەروەها دەسەڵات لەسەرەوە بۆ خوارەوە و لە باپیرانەوە بۆ نەوەکان بە میرات دەگوازرێتەوە، ئەم زەینییەتە دژی ڕەفتاری ڕەخنەگرییە و ئاستەنگی بۆ پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵگا دروستدەکەن(راد، ١٣٨٢: ٨١-٨٢).

خێڵ لە هەرێمی کوردستان وەک بەشێکی گرنگی بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردییە، بەهۆی نائامادەیی دەسەڵاتی یاسا و ناکارایی دەزگاکانی حکومەت، خێڵ کۆمەڵی ئەرکی گرنگی کۆمەڵایەتی جێبەجێکردووە، ئەمەش هۆکاری مانەوەی خێڵەتییە. لەدووای ڕاپەرینی (١٩٩١)دا دەسەڵاتی خێڵ زیاتر بووە. لە روانگەی کولتووری و سیاسی، خێڵ و پەیوەندیی خێڵەتی لەم کۆمەڵگایەدا بە بەهێزی مانەوە(وەلزی؛ ئیروانی، ٢٠٢٠: ١٠٩- ١١٣). لە هەولێر یاسای خێڵەکی وەک یاسایەکی کۆن(یەک) بەرامبەر (یەک) پەیڕەو دەکرێ، هەرچەندە سەرۆک عەشیرەت دەسەڵاتێکی یاسایی نییە، بەڵام وەک ناوبژیوانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەڵسوکەوت دەکات(کۆیی، ٢٠١٣: ٦٠). ئەوەی تێبینیکراوە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا چەمکی خێڵ و عەشیرەت لەجیاتی یەکتر بەکاردێن، هەرچەندە وەک وشە جیاوازن، بەڵام وەک زەینییەت و شێوازی ڕەفتار خاوەن باگراوندی هاوبەشن، بۆیەش لەم توێژینەوەیەدا جیاکاری لەنێوانیاندا نەکراوە.

عەشیرەت لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە یان بچوک وەکو بنەماڵەی گەورە یان چەندین بنەماڵە کە خزمایەتی یان ناوچەگەرایی و بەرژەوەندیی هاوبەش هۆکاری پێکەوەبوونیانە، لەم کۆمەڵگایە عەشیرەت پێکهاتووە لە کۆمەڵێک بنەماڵە کە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێن، یانیش بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەربلاوبوونەتەوە، لە

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرێمی کوردستان دوو شێوەی عەشیرەت هەیە، یەکەم: عەشیرەتی گەورە لە بنەماڵەیەکی فراوانە کە ژمارەی ئەندامانی زۆرە و لەسەر بنەمای پەیوەندیی خزمایەتی و خوێن دامەزراوە، دووەم: ئەو عەشیرەتەی کە لەسەر بنەمای یەکێتیی سیاسی و ناوچەی پێکهاتووە و پەیوەندیی خوێنی نێوانیان نییە(عمر، ١٣٩٩: ٢٨٣- ٢٨٩).

بونیادی خێڵەکی و شێوازی نەریتی یەکێک لە گرنگترین ئاستەنگەکانی گۆڕانی کولتووری-کۆمەڵایەتییە، چونکە خێڵ خاوەن سیستمی داخراو و پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمای خزمایەتی و سنووردارە. لێرەدا سیستمی خێڵەکی جێگرەوەی مەعریفەی سیاسی و لێهاتوویی و پسپۆرییە، هەروەها کولتووری دەرەبەگ و رەعیەت بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگادا باڵادەستە. سەرچاوەکانی داهات لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی دەرەبەگدایە، ئەندامانیتر لە زۆربەی پێداویستییەکانی ژیانێکی خۆشگوزەران بێبەشکراون، هەندێکجار سەرۆک عەشێرەت دەستێوەردان لە ژیانی تایبەتیی ئەندامانی عەشیرەت دەکات و لەجیاتی ئەوان بڕیار دەدات.زاڵبوونی زەینییەتی خێڵەکی یەکێک لە ئاستەنگەکانی گەشەسەندنی کولتوورییە. هەروەها بەپێی گۆڕانکارییەکانی شێوازی بەرێوەبردنی کۆمەڵگا، زەینییەتی خێڵەکی لەنێو دامودەزگای حزبایەتییدا خۆی رێکخستن کردووە.

## دووەم: حزبایەتی

دیموکراسیەتی هاوچەرخ بەبێ حزبی سیاسی مەحاڵە، ئەو کۆمەڵگایانەی لەژێر سایەی سیستمی دیموکراسی گوزەر دەکەن، حزبی سیاسی تێیدا لە سەرجەم پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا رۆڵی گرنگ و فراوان دەگێرێ. حزبەکان هەمیشە لەژێر ململانێی یەکتردان بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی باشتر. حزبەکان دەکرێ سیاسەت بۆ کۆمەڵانی خەڵک پێشنیار بکەن، بەڵام ناتوانن بڕیاریان بۆ بدەن(باسیرە، ٢٠١٩: ١٤٠). هەرچەندە حزب وەک رێکخستنی سیاسیی یەکگرتوو لەسەر بنەمای جەماوەرەکەی دادەمەزرێت، بەڵام لەناوخۆیدا کوتلە و منافسەی بەرێوەبردن هەیە، جاروایە بە پیلانگێری و کودەتا یان بە هەڵبژاردن کەسێک بەسەر ئەوانیتردا سەرکەوتوو دەبێت. ئەوەی سەرکەوتووە، خاوەن هێزی سەربازی یان هاوشێوەی سەربازییە. لە رێگەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی حکومەت و بەهێزبوونی حزب، سەرۆک حزب هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا و بوارەکانی سیاسی و

ئابووری کۆنترۆڵ دەکات و لە بەرژەوەندیی خۆیدا ڕەفتار دەکات، بەهۆی پەیوەندیی خێزانی و خزمایەتی و حزبایەتی، فەرمانبەرانی وەفادار بەخۆیان لە کاروباری سەرەکیی وڵاتدا دادەمەزرێنن(ریویر، ١٣٨٦: ٢١٨).

کۆمەڵگای دیموکراتیک و پێشکەوتوو پێویستی بە رۆشنبیریی سیاسی و دامودەزگای مۆدێرن و گەشەسەندوو وەک: حزبی سیاسی، هەڵبژاردنی تەندروست، یاسای هەڵبژاردن، سەرکردەی سیاسیی لێهاتوو، یەکگرتنەوەی ناوخۆیی و ناوەندێکی یاسادانانی سەربەخۆ هەیە، بوونی حزبی سیاسیی سەربەخۆ و دیموکراتیک، دەتوانێت رێگری لە ڕەفتاری میزاجیی سەرکردەکانیان بکەن. حزبی سەردەمییانە لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگادا خاوەن میکانیزمی کۆنترۆڵی پێشکەوتووە(هینز، ١٣٩٠: ١٦٠-١٦١). سیاسەت لەم کۆمەڵگایەدا بووە حزبایەتی؛ ئەگەر چی چەمکی سیاسەت گەلێ فراوانترە لە حزب و حزبایەتی. لە نێوان حزبە کوردییەکاندا، جیاوازییەکی ئایدۆلۆژی قووڵ بەدی ناکرێت. چونکە هەموویان تارمای ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و ئایینی بەسەرەوە دیارە. ڕەوشی کولتووری و کۆمەڵایەتی لەم کۆمەڵگایەدا خەڵکی خاوەن زەینییەتی ناکامڵ و خەوشداری بەرهەمهێناون و سیاسەتکردنی ئەم جۆرە کەسانەش بێگومان قەیران بە دوای قەیران بەرهەمدێنن(میران، ٢٠١٦: ١١٠-١١١).

بونیادی کۆمەڵگای کوردی لەسەر بنەمای بونیادی خێڵەکییە و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگاش لەسەر بنەمای پەیوەندیی خێڵەکییە. زۆربەی سەرکردەی حزبەکان، خاوەن پێگەی نەریتی و خێڵەکین، دەسەڵاتی حزبی لە کۆنترۆڵی ئەوانەیە کە خاوەن پشتوانەی خێڵەکی و ناوچەیی و خزمایەتییە، ئەمانەش ئاستەنگی سەرەکیی گەشەسەندنی کۆمەڵگایە(حسن، ١٣٩٦: ٢٢٢-٢٧٤). ئیمڕۆ لە هەرێمی کوردستان دیوەخانی سەرۆک خێڵ لەلایەن حزبەوە مەشروعییەت وەردەگرێت، بەشێک لە سەرۆک دیوەخانی ئەم کۆمەڵگایە، ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتیی حزبی سیاسین، چارەسەرکردنی کیشە و گرفتی کۆمەڵگا لە رێگەی سەرۆک عەشیرەتەوە ئەنجام دەدرێت و ئینجا لە دادگا و دامودەزگا فەرمییەکان گرنگی پێدەدرێت، چەکدارانی عەشیرەت بە فەرمانی سەرۆک عەشیرەتییان دەکەوێنەوە ژێر کۆنترۆڵی حزبی سیاسی و وەزارەتی پێشمەرگە، هەرچەندە بەشێوەی فەرمی لەژێر بونیادی وەزارەت رێکخراون، بەڵام وەفاداری سەرۆک خێڵ و حزبی سیاسین و بەپێی سیاسەتی خێڵ و حیزبی سیاسی چالاکی ئەنجام دەدەن(عمر، ١٣٩٩: ٣٦٦-٣٩٣).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە هەرێمی کوردستان خەڵکانێک هەن هەر بە زەینییەت و بیرکردنەوەی ناوچەیی و هاوخوێنی هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسە سیاسییەکان دەکات، کەواتە پەیوەندیی ناوچەگەرێتی و خێڵەتی، سنووری جوگرافیایی بڕیوە و تێکەڵی ژیانی سیاسیی ئەم کۆمەڵگایە بووە. بۆیەش جۆرێکی دابەشبوون و ململانێی سیاسی گونجاو و هاوتەریب لەگەڵ سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی بەرهەمهێناوە؛ ئەوە ڕەنگدانەوەشی بەسەر سیاسەتی حکومەتی هەرێمەوە هەبووە، بەتایبەت لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرهەمهێنان و شێوازی داهات؛ لە ڕووی ئابووریشەوە سیاسەتێکی لاسەنگ پیادە کردووە. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەی سەربەخۆی ناحکومیی ئەمریکا(Freedom House) لە ساڵی(١٩٩٨)، هەرێمی کوردستان لەڕووی دۆخی دێمۆکراسی و ئازادی و مەدەنییەوە، لەڕیزی هەرێم و کۆمەڵگای دیمۆکراسیدا نییە(عبداللە، ٢٠١٩: ٤٠؛ ٨٩). پسپۆرێکی یاسایی پێیوایە حزب لە هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی یاسای گشتی ڕەفتار دەکات، لە کۆمەڵگای کوردیدا حزبەکان کرداری نامۆ و شێوازێک لە کرداری دواکەوتوو ئەنجامدەدەن، چونکە پەیرەو و پرۆگرامی حزبەکان بەپێی واقیعی کولتووری-کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە نییە. زۆربەی حزبەکانی هەرێمی کوردستان کۆپیکراوی سیستمی دەرەکی و ناواقیعیە. بۆیەش رۆشنبیریی سیاسییان لاوازە و خۆپەرەستی و کۆنپارێزی بەسەر زەینییەتی ئەندامانی حزبدا زاڵە، وڵاتانی دەرەکی دەستێوەردان لە کاروباری حزبەکان دەکەن و بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان بریارەکانیان ئاراستە دەکەن(ئەمین، ٢٠٢١: چاوپێکەوتن). بەشێکی سەرەکیی کارو چالاکی و ڕێکخستنی کاروباری ئەم کۆمەڵگایە بەپێی بەرژەوەندیی حزبایەتی ڕێکدەخرێت، هەروەها بوونی هێزی چەکداری حزبی یەکێک لە سیما دیارەکانی ناسەقامگیریی سیاسی و هۆکارێکی کاریگەر بۆ شەڕی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانە، ئەڵبەت مانەوەی تا ئێستای ئەو دیاردەیە، زەمینە و هۆکاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە. چونکە حزبەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاری لە باڵادەستیی خۆیان، ڕێگری لە یەکگرتنەوەی چەکداری و دروستبوونی لەشکەری نیشتمانی دەکەن.

نزمی ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتی وایکردووە خەڵکەکە هێشتا هەر باوەڕی بە حزبەکانەوە هەبێ، ئەوەش پەیوەندی بەو پارەو پوولەیەوە هەیە کە حزبەکان دەبەخشنەوە. شەڕی ناوخۆیی کورد کارەساتی نەتەوەیی گەورە بوو، زیاتر لە دەسەڵات کۆمەڵگای پێوە دەتەلایەوە و هەزاران کەس

کۆستیان تێکەوت و لە دووایشدا ئاکامێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پاش خۆی بەجێهێشت. هەروەها سیاسەتی شۆڤینی و ڕەگەز پەرەستانەی ڕژێمەکان بەڕادەیەکی زۆر ڕەوتی پەرەپێدان و گەشەپێدانی ناوچەکانی کوردستانی پشتگوێ خستووە. کەواتە دامودەزگاکانی سیاسی و ئیداری و فیکری لە کوردستاندا دوواکەوتوو دەبن وەک ئاکام و ڕەنگدانەوەی ڕەوشی ئابووریی خێڵ و بنەماڵە کە نوێنەرایەتی قۆناغی مێژوویی- کۆمەڵایەتیی پێش ئێستاکەن، وەک ڕێکخراوی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە(میران، ٢٠١٦: ١٣؛ ٢٨-٣٣). لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا باڵادەستیی حزب هۆکاری جیاکاری لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگایە، ئەوانەی ئەندامی حزبی دەسەڵاتدار نیین، لەلایەن کاربەدەستانی حزبی دەسەڵاتدارەوە بە هاوڵاتیی دەرەجە دوو هەژمار دەکرێت و لە زۆربەی ماف و ئیمتیازاتی ئەم کۆمەڵگایە بێبەشکراون. تاکەکان بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانییان، ئەندامبوونی حزبی باڵادەست لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرن.

لەڕووی سیستمی سیاسییەوە، کەسایەتیی کوردی تاک حزبی ڕەتدەکاتەوە و بڕوای بە فرەحزبییە، پێیوایە لە فرەحزبیدا دیموکراسی و یەکسانی بەرجەستە دەبێت، ململانێی حزبەکان وادەکات شەفافییەت زۆرتربێ(کاکەسوور، ٢٠١٢: ١٤٠). بەڵام لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا شێوازی فرەحزبی لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتوو نەبووە. فرەیی و زۆربوونی ململانێیەکان، هۆکاری زیادبوونی گەندەڵی و شاردنی ڕاستییەکان و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیی گشتییە. حزبەکانی ئەم کۆمەڵگایە، دەستکەوتەکان و سەرکەوتنەکان بە هیی حزبی خۆیان هەژمار دەکەن، بەڵام شکست و هەڵەکانی خۆیان وەک کارتێکی گوشار بۆ شکاندنی ئەوانیتر بەکاردێنن. کەواتە سەرکەوتن هی حزبی باڵادەستە، بەڵام شکست هیی ئەوانیترە، تاوانبارکردنی ئەوانیتر یەکێک لە سەرەکیترین و قووڵترین ئاستەنگی بەردەم گەشەسەندنی کولتووری-کۆمەڵایەتییە، چونکە وەڵامی پێشوەختەی دواکەوتوویی سیاسی-کولتووری لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی ئەم کۆمەڵگایەوە ئامادیە تاکو هەم کەموکورتییەکان خۆیان پێی بشارنەوە، هەمیش ئەوانیتر پێی تاوانبار بکات. کێشە و ململانێی حزبایەی و تاوانبارکردنی یەکتر و دابەشبوونی سەرمایەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەم کۆمەڵگایە بەسەر ڕەنگ و ئاراستە و ئایدۆلۆژیای جیاواز، هۆکاری پەرتەوازەبوونی وزەی کۆمەڵگایە. لەبەر ئینتیمایی حزبی؛ کێشە و

کەموکورتییەکانی بەرپرسان پەردەپۆش دەکرێن و بەرپرسانی گەندەڵ لەژێر چەتری حزبایەتی پارێزراون و حەسانەوەی حزبییان هەیە، ئەمەش ئاستەنگی بەردەم پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵگا دروستدەکات.

## سییەم: حکومەت

حکومەت وەک دەزگایەکی سیاسی، دەستورێکی نووسراوی هەیە، هەروەها یاسای ئەقڵانیشی هەیە، لەسەر بنەمای یاسا و ڕێسای ئەقڵانی بەڕێوە دەچێت، حکومەت خاوەن فەرمانبەری پسپۆر و شارەزایە(ڤێبەر، ٢٠١٨: ١٨). حکومەت خاوەن دەسەڵاتی سیاسییە، جیاوازیی دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی ئایینی، ئابووری، سەربازی، خێڵەکی و حزبی، بەوەدا جودا دەکرێتەوە کە دەسەڵاتی سیاسی ئیدارەی گشت کۆمەڵگا دەکات. لەکاتێکدا دەسەڵاتەکانیتر ئیدارەی کاروبارەکانی کۆمەڵانی تایبەت دەکەن، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی بایەخ بە ڕێکخستنی سەرجەم کۆمەڵ ئەدات(باسیرە، ٢٠١٩: ٢٦١-٢٦٢). سیاسەت لە فەرهەنگی ئەنترۆپۆلۆژیا بریتییە لە: ململانێی نێوان مرۆڤەکان بەمەبەستی سەپاندنی هەژموونە کە ئایا کێ دەست بەسەر دەسەڵات و سەرچاوەکانی ساماندا دەگرێت. سیاسەت واتە ململانێ لە پێناو دەسەڵاتدا، لەم ململانێیەشدا سودمەند و زەرەرمەند یان براوە و دۆڕاو بەرهەمدێت(شوانی، ٢٠١٧: ١٠٥). چەمکی بەرێوەبردن و حکومەتی سەرکەوتوو لە ئەدەبیاتی گەشەسەندندا پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە. بەرێوەبردن دوو لایەنی ئەساسی هەیە، یەکەم: پرۆسەی بڕیاردانی حکومەت، دووەم: شێوازی عەمەلیکردنی بڕیارەکان(هینز، ١٣٩٠: ٤١).
حکومەت لە پرۆسەی گەشەسەندن پاڵنەری پێشکەوتن و ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگا لەڕێگەی دابینکردنی دەرفەتی کار و خوێندنگە و نەخۆشخانە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و گەشەپێدانی خۆشگوزەرانیە(عنبری، ١٣٩٠: ١٠-١٨). حکومەت پلانی گەشەپێدانی کۆمەڵگا ئامادە دەکات و دەسەڵاتەکانی بۆ سەرخستنی پرۆژەکان بەکار دەهێنێت، ئەگەر دەسەڵات وەزیفەکانی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەباشی جێبەجێ نەکات، لەو کاتەدا دەسەڵات بە گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵگا هەژمار دەکرێت(گیلیس و دیگران، ١٣٨٨: ٥٧).
دەسەڵاتی سیاسیی کۆمەڵگای نەریتی دژایەتیی گۆڕانکارییەکان دەکات، هەمان سەرکردە و هەمان دامەزراوەی نەریتی، پێداگری لەسەر مانەوە و نەگۆڕیی خۆیان دەکەن. ئەمانە بۆ بەردەوامبوونی

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆیان، پشت بەهێزی دەرەکی دەبەستن، لەلایەن هێزی داگیرکەرەوە ئاراستە دەکرێن، لەم قۆناغەدا داگیرکەران دوو ئەرک بۆ ئەم جۆرە دەسەڵاتانە دیاردەکەن، یەکەم ئەمانە وەک نوێنەر یان بەڕێوەبەری لاوەکی کار دەکەن و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی داگیرکەراندا هەڵسووکەوت دەکەن. دووەم دەسەڵاتی نەریتی وەک پۆلیسی مەحەڵی پارێزگاری لە کۆمەڵگا دەکەن، لێرەدا ئامانجی سەرەکی، جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەیە کە پێیان سپێردراوە، ئەگەر لەم پرۆسەیەدا لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە ڕووبەڕووی دژایەتی و ڕێگری ببێتەوە، گوشار و توندوتیژیی فیکری و جەستەیی بەکار دێت(روشە، ١٣٩٢: ٢٠٠). لە کولتووری سیاسیی پاوانخوازدا دژایەتیکردنی حکومەت نایاسایی و ڕێگەپێدراو نییە، ئەوانەی دژایەتی دەسەڵات دەکەن، یان پەراوێز دەخرێن یانیش بەشێوازی جیاواز لەناو دەبرێن. هەروەها سیستمی سیاسیی کۆنپارێز دژبەرانی خۆیان بە خەیانەتکار و پیلانگێر و تێکدەر و ئاژاوەگێر پێناسە دەکەن(کاظمی، ١٣٩٠: ٢١٤).

پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گەشەکردنی سەرکەوتووانەی کولتوور، پێویستی بە پشتگیریی حکومەت هەیە. پشتگیری نەکردنی حکومەت لە گەشەسەندنی کۆمەڵگا. لەو کاتەدا حکومەت ئاستەنگە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگا و هۆکاری سەرهەڵدانی هەژاری و دوواکەوتوویی کۆمەڵگایە. ڕۆڵی حکومەت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگادا سەرەکی و بونیادییە کە زەمینە و ژینگەی سازگار بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگا ئامادە دەکات. کەواتە پرۆسەی گەشەپێدانی کولتووری لە ئامانجەکەی نزیک دەبێت و سەقامگیریی ناوخۆیی مسوگەرە و وزەی تاکەکان بۆ کێشەکانی ناوخۆیی بە خەسار ناچێت. پەرەسەندنی کێشە و ناکۆکییەکانی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، ئاسایشی کۆمەڵایەتیی ئەم ناوچەیە ڕووبەڕووی مەترسی دەکات.

جیاوازی لەنێوان حکومەتی پێشکەوتوو و بەهێز و حکومەتی لاواز لەسەر بنەمای شێوەی کارکردن و بەڕێوەبردنە، هەروەها پێکهاتەی سیاسیی حکومەتی لاواز لەسەر بنەمای وابەستەبوون و پابەندیی نەریتی و سۆزداری بۆ دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوە(ریۆیر، ١٣٨٦: ١١٧).

ڕۆناکبیر(جۆن تۆمڵینسن)دەربارەی تایبەتمەندیی دیاردەی نوێگەرایی و سیستمی سەرمایەداری و دەوڵەتی مۆدێرن پێیوایە: دەوڵەتی مۆدێرن گرنگی بە دیموکراسی و هاوڵاتیبوون و نەتەوەگەرایی دەدات و بۆ گەشەپێدانی ئەم بەهایانە لە کۆمەڵگادا هەوڵدەدات، بەڵام سیستمی سەرمایەداری گرنگی

بە عەقلانییەت و قازانج و تاکگەرایی دەدات(گلمحمدی، ١٣٩١: ١٠١). لەساڵی(١٩٥٠) گەشەکردنی ئابووری لەسەر بنەمای پشتبەستن بە هێزەکانی دەرەکی رێکدەخران، بەڵام سی ساڵ دواتر لەئەنجامی پێداچوونەوەی بابەتی گەشەسەندن و پێشکەوتن دەرچوو کە لەوماوەیە تەنیا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ولاتانی رۆژئاوا و کۆمەڵگای پێشکەوتوو کراوە و فرتوفێل لە ولاتانی هەژارنیشن کراوە، لەو ماوەیەدا داهێنانی زانستی و کارو چالاکیی ولاتانی هەژار و گەشەنەکردوو پەراوێز خرابوون، چونکە حکومەت و دەسەلاتی یاسادانان و نوێنەرانی پەرلەمانی ولاتانی هەژارنشین، کەسانی ترسنۆك و پەرژەوەندیخواز و لایەنگرانی دەسەڵات بوون، ئیشوکاری دامودەزگاکان لەجیاتی چاودێریی کارو چالاکی و شێوازی حکومەتداری، پارێزگاری لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان و کاربەدەستان بووە، لە دیدگای ئەم گروپە بەرژەوەندیی تایبەت لە سەرووی بەرژەوەندیی گشتییە(پرو، ١٣٨٩: ٢١).

لە کۆمەڵگای کوردیدا پەیوەندیی حزب و عەشیرەت هۆکاری وەرگرتنی پۆست و پلە و پایەی سیاسی و پەرلەمانی و حکومییە، دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم پڕە لە فەرمانبەری فەرمی کە وەفادارن بە ئینتیمای عەشایری و حزبی، زۆربەی پۆستەکانی بەرپرسانی ئیداری لە تاکی حزبی و سەرکردەکانی خێڵەوە پڕ دەکرێتەوە، بەهۆی ئینتیمای نەریتیی دەسەلاتی یاسایی لەم ناوچەیەدا لاوازە. واقیعی ئیمڕۆی هەریمی کوردستان، کرانەوەی سیاسی سنووردار کردووە، دەسەڵاتدارانی حزبی سامانی کۆمەڵگا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و کەسوکارییان بەکاردێنن، ئەوانە بیر لە دامەزراندنی دامودەزگا نیشتمانی و نەتەوەیی ناکەن، کەواتە سیستمی ئەم کۆمەڵگایە بە شێوەی نایەکسان سەرچاوەکان و داهاتی کۆمەڵگا دابەش دەکەن، ئەمەش زیندوو کردنەوەی خێڵەتیبوونە، لەم قۆناغەدا، پشتگیریی نەریتیی ئەندامانی خێڵ بۆ سەرۆک خێڵ و حزبی سیاسی، هۆکاری نەریتی بوونی سیستمی سیاسییە، ئەمەش کێشە بۆ گەشەسەندنی کولتووری دروست کردووە(عمر، ١٣٩٩: ٣٦٦- ٣٩٣).

یەکێک لەو ئازادییانی کە لە هەرێمی کوردستاندا، زۆرجار ڕووبەڕووی پێشێلکاری دەبێتەوە، بەتایبەتیش لەلایەن دەستەڵاتی سیاسییەوە، ئازادیی ڕادەربڕینە، نەبوونی هۆکاری کەمکردنەوە یان نەهێشتنی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ڕادەربڕین و بەرتەسکبوونی مەودای مافی ڕادەربڕین، تاک و دەسەلات ڕووبەڕووی یەکتر دەکات، بۆیەش ڕووداوی تیرۆرکردن، زیندانیکردن، ڕاگرتن، لێدان،

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سوکایەتیپێکردن، ڕێگریکردن، هەڕەشەلێکردن، برینداربوون، سووتاندن و داخستنی نووسینگە و دەستبەسەرداگرتنی ئامرازە رۆژنامەگەرییەکان لە پەرەسەندندایە(قادر، ٢٠١٩: ٦٣). لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک بەندی یاسایی پێشکەوتوو و سەردەمییانە هەیە، یەکێک لەوانە یاسای ئازادیی فیکر و ڕادەربڕین و ئازادیی ڕەخنەگرتن لە حکومەت و لایەنی سیاسییە. بەڵام دادگاکانی ئەم کۆمەڵگایە پارێزگاری لە تاکی ڕەخنەگر ناکات، چونکە دادوەر بەخۆی ئازاد نییە تاکۆ توانایی پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکانی تاکی کۆمەڵگا هەبێت. لەم کۆمەڵگایەدا پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤ نەبووە بەشێک لە کولتووری دادوەرەکان، چونکە لە منداڵییەوە تاکی ئەم کۆمەڵگایە بەشێوازێک پەروەردەکراوە کە پارێزگاری لە مافی خۆی نەکات، بۆیەش کەموکورتییەکانی سیستمی پەروەردەیی ئەم کۆمەڵگایە تاکی وابەستە و بێ ئیرادە پەروەردە دەکات. لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە ئایا لە بڕیاری دادوەراندا میتۆدی پیشەییبوون پەیرەو دەکرێت؟ ئەو پێیوایە: دادوەرەکان لە بڕیارەکانیان هزر لە ڕازیکردنی دەسەڵات دەکەن، هەرچەندە بەپێی یاسا حاکم پارێزگاری ماف و ئازادییەکانی تاکەکانە، بەڵام حاکمان لەجیاتی خزمەتی خەڵک بکەن، لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی بڕیار دەردەکەن. ئەو پێیوایە بوونی دادوەری بێ ئیرادە لە ناوەندەکانی یاسایی و دادگاکان، هۆکاری وێرانبوونی دادگاکان و سیستمی دادوەرییە. یاساکان دەقێکی گشتین کە کۆنترۆڵی ڕەفتار و شێوازی ژیان و هەڵسووکەوتی خەڵک دەکات، لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا هەم کێشە لە یاساکاندایە، هەمێش لە شێوازی جێبەجێکردن و دادوەرەکاندایە، چونکە زۆر بە کەمی هەست بە بوونی دادوەری ئازاد و سەربەخۆ دەکرێت. لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێک بەندی یاسای هەیە کە ئاماژە بە ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ کراوە. بەڵام بەرژەوەندییەکانی چینێکی دیاریکراو، ئاستەنگی بەردەم جیبەجێکردن و هەمواری یاساکاندا دروستدەکات. ئەو ئاماژە بە هەبوونی کۆمەڵێک ئاستەنگی لە سیستمی یاسایی دەکات وەک: ناپسپۆری و هەڵەی دادوەرەکان و داواکاری گشتی و پارێزەران و دەستێوەردانی کەسی و حزبی بە هۆکاری پێشلکردنی سەروەریی یاساییە. هەروەها یاساناسەکان بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان پرۆسەی یاسایی و دادگایی بەرێوەدەبەن. پێیوابوو؛ سیاسییەکان لە سەروەربوونی یاسای دڵخۆش نیین و بەرژەوەندییان لە بێسەرووبەریی کۆمەڵایەتی و یاسایی-سیاسیدایە(ئەمین، ٢٠٢١: چاوپێکەوتن).

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە وەڵامی ئەوەی ئایا یاساکانی هەرێمی کوردستان ڕێگری لە گەشەسەندنی شێوازی ژیان و خۆشگوزەرانیی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات؟ ڕاوێژکاری یاسایی پێیوایە: بەپێی پێداویستییەکان و ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییەکان، هەمواری یاسای بواری کەسی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، یاسای توندوتیژی خێزانی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، پێش دەرچوونی ئەم یاسایە؛ ئازادییەکانی ڕەگەز مێ لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان سنووردار بووە، بەپێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی، خزمانی کچەکە دەسەڵاتی ڕێگری و دەستێوەردانی پرۆسەی هاوسەرگیری هەیبوو، بەڵام ئێستاکە یاسای تایبەت بەم بوارە دەرچووە کە ڕێگری لە دەستێوەردانی خزمان لە پرۆسەی هاوسەرگیریی ڕەگەزی مێینە دەکات، بەپێی یاسا ئەگەر کچ و کوڕ تەمەنیان (١٨) ساڵ بێت، ئەگەر باوانیش ڕێگری لە پرۆسەی زەواج بکەن؛ حاکم دەتوانێت بڕیاری هاوسەرگیریی هەردوو ڕەگەز بدات. کەواتە بەپێی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا، یاساکانیش هەموار دەکرێن، لەبواری فرەژنی یاسای تایبەت دەرچووە کە بەبێ ڕەزامەندنی ژنی یەکەم ڕێگری لە هاوسەری دووەم دەکات. لەدەقە یاساییەکاندا مافی تاکەکان پارێزراوە، بەڵام کێشە لە دابونەریتی کۆمەڵایەتیدایە کە ڕێگری لە جێبەجیکردنی یاساکان دەکات، تاڕادەیەک دەقە یاساییەکان نوێی و هەموار دەکرێن، بەڵام زەینییەتی کۆنپارێز و دەستێوەردانی حزبی و خێڵەکی ئاستەنگی بۆ گەشەسەندنی کولتووری دروستدەکات(صالح، ٢٠٢١: چاوپێکەوتن).

بەبۆچوونی پسپۆری یاسایی(داواکاری گشتی)؛ یاساکان ئامرازی ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری هاوڵاتیانە، بۆیەش بەپێی واقیعی کۆمەڵایەتی و پێویستیی خەڵک، یاساکان هەموار دەکرێن. بە بۆچوونی ئەو کێشەی سەرەکی لە شێوازی جێبەجێکردنی یاساکاندایە. لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا کەسی شیاو لە شوێنی شیاو نییە، بۆیەش حزبەکانی دەسەڵاتدار بەئاسانی دەستێوەردان لە کاروباری دادگاکان دەکەن و بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان ئاراستە دەکات. لەبەرئەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی-سیاسی لاوازە، یاساکان بە یەکسانی جێبەجێ ناکرێن. ئەو پێیوایە: زەینییەتی خزمایەتی و بنەماڵەیی و ناوچەگەری و عەشیرەتگەری کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی یاساییدا هەیە، هەروەها ئینتیمای حزبی لەسەرووی ئینتیمای نەتەوییە(رسول، ٢٠٢١: چاوپێکەوتن).

ئەوەی تێبینیکراوە؛ دەسەڵاتی سیاسی بەسەر گشت پانتایی کۆمەڵگا بە یەکسانی دابەش نەکراوە، هەروەها میکانیزمی کۆنترۆڵی فەرمی لەسەر کارو چالاکییەکانی کولتووری-کۆمەڵایەتی لاواز و لە

ئاستی پێداویستییەکانی سەردەمییانە نییە. ئازادیی سیاسی، ئازادی لە بیروڕا، ئازادی لە هەڵبژاردنی حزب، دەرفەتی گفتوگۆی سیاسی، مافی ڕەخنەگرتن، مافی ڕادەربڕین، ئازادی لە بەشداریی سیاسی سنووردارە و سازان لەنێوان کولتووری سیاسیی جیاواز لاوازە. هەروەها دەسەڵاتی سیاسی بە یەکسانی دابەشنەکراوە و دامودەزگا حکومییەکان بێلایەن ڕەفتار ناکەن و وەزیر و بەرێوەبەران نوێنەرایەتیی ستراتیژیی حزبی خۆیان دەکەن.دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی کاروباری ڕۆژانەی هاوڵاتییان لە لوتکەی دەسەڵاتدا قەتیسبووە و بە یەکسانی بەسەر یەکە ئیدارییەکانی خوارەوە دابەشنەبووە و زۆربەی کارەکانی ئیداری بە میتۆدێکی مەرکەزی بەڕێوە دەچێت. هەروەها هەرەسهێنانی کۆنترۆڵ و چاودێریی کاروباری ڕۆشنبیری-کولتووری، بەواتای لاوازبوونی ئاسایشی کولتووری-کۆمەڵایەتییە.

## چوارەم: سیاسەتی کولتووری

لە ڕەوتی کارکردن لەسەر مەسەلەی گەشەپێدان، دەبێ بابەتی"سیاسەتی کولتووری" بایەخ و گرنگیی تەواوی پێبدرێ، ئامانجی سیاسەتی کولتووری بریتییە لە دابینکردنی گەشەپێدانێکی هاوسەنگی کۆمەڵگا کە هەموو هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و ڕەهەندە کولتوورییەکانیان بگرێتەوە بەڕادەیەک هوشیاری بە ناسنامەیەکی کولتووریی کراوەی لەگەڵدا بێت(میران، ٢٠٢١: ١٢٩- ١٣٠). لە ساڵی(١٩٧٠) لە کۆنفرانسی ناوچەیی سیاسەتی کولتووری کە دەربارەی شێوازی بەرێوەبردن و دارایی بەرێوەچوو، ڕێکخراوی یونسکۆ لەم کۆنفرانسەدا توێژینەوەکانی دەربارەی ڕەهەندی کولتووریی پرۆسەی گەشەسەندن پێشکەشکرد؛ دەرکەوت لەنێوان گەشەسەندنی کولتووری لەگەڵ گەشەکردنی ئابووری و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، پەیوەندیی دوولایەنە هەیە. هەروەها گەشەکردنی هوشیاریی ئەندامانی کۆمەڵگا بەنیسبەت بەهاکانی کولتووریی خۆیان، هۆکاری گەشەسەندنی ناوچەکە بەگشتییە(یونسکۆ، ١٣٨٨: ١١-٤٥).

بەبۆچوونی بیرمەندانی زانستی کۆمەڵایەتی؛ کولتوور ژینگەی سازگار بۆ گۆڕانکارییەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئامادە دەکات. چونکە بەهێزبوونی کولتووری زەمینەخۆشکەری بەهێزبوونی سیاسییە. هەروەها (ئانتونیوگرامشی) پێیوایە: بەهێزبوونی کولتووری بنەمای هەموو زەینییەتی سیاسییە، ئەو پێیوایە ڕۆشنبیران دەتوانن لە شێوازی بیرکردنەوە و زەینییەتی تاکەکانی کۆمەڵگادا گۆڕانکاری

دروستبکەن. هەروەها ژینگەی کولتووری لە ژینگەی سیاسی جیایە، کۆمەڵگای سیاسی(حکومەت) لە کۆمەڵگای مەدەنی جیاوازە. حکومەت بۆ مەشروعیيەتی خۆی پێویستی بە بەهای کولتووری و دابونەریت و ڕێوڕەسم و هەست و سۆزی ئەندامان هەیە. کەواتە دەسەڵاتی مەشروعی سیاسی لە ناخی کولتوورەوە گەشەدەکات، نەک لە ڕێگەی گوشار و زەخت و توندتیژییەوە سەرهەڵدابێت(کاظمی، ١٣٩٠: ١٢٨- ١٢٩).

مرۆڤ سەنتەری گەشەپێدانی هەمەلایەن و هۆکاری گەشەسەندنی کۆمەڵگایە، هەمیش لە دەستکەوتەکانی گەشەسەندن سوودمەندە. کەواتە مرۆڤ هەم داهێنەری گەشەسەندنە، هەمیش سوودمەندی سەرەکیی گەشەسەندنە، ئەگەر سەرمایەی مرۆیی لەسەر بنەمای چۆنایەتی و لێهاتوویی و پسپۆری پەروەردە بکرێت، لەو کاتەدا بنەمای گەشەسەندنی کۆمەڵگا فەراهەم دبێت(خاتمی، ١٣٧٩: ٥٣-١٣٢). پلاندانان بۆ گەشەپێدان؛ ئەرکی دەسەڵاتی سیاسیە، ئەویش لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە کولتوورییەی دایدەڕێژی و پیادە دەکات کە تیایدا پلانێکی تۆکمە و شیاو بۆ گەشەپێدانی کولتووری لەخۆ بگرێ، جێبەجێکردنی سیاسەتی کولتووری بەڵگەی ئاستێکی بەرزی هوشیاریی کولتووریی دەسەڵاتی سیاسییە کە کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی کۆی ئەندامانی کۆمەڵگا هەیە. لە پلاندانانادا بۆ گەشەپێدان، دەبێ جێپەنجەکانی کولتووری نەتەوەیی دیارو کاریگەربن، بەپێچەوانەوە پلانەکە و پرۆسەی گەشەپێدان شتێک زێتر نابن جگە لە لاساییکردنەوەیی ناشرین و ناتەواوی وڵاتانی پێشکەوتوو(میران، ٢٠٢١: ١٣٣).

هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دروستبوونییەوە تاکو ئێستاکە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و گرفت و شەڕ و کرداری تیرۆریستی و کێشەی جۆراوجۆر بووە. بۆیەش گرفتی ناوخۆیی و مەترسییەکانی دەرەکی، هۆکاری دروستبوونی قەیران و کێشەی بەردەوامە. ئیمڕۆ کۆمەڵگای توێژینەوە ڕووبەڕووی گرفت و سەرلێشوانی مەترسیدار بووە و ئاسەوارەکانی ناڵەباری و چاوڕوانی و بێهیوایی لە شێوازی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگادا روون و ئاشکرایە. دەسەلاتدارانی کۆمەڵگا بە شێوازی تایبەت و بەهاوکاریی کاناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەرگی یاسایی و نەتەوەیی لەبەر کەموکوڕتیی خۆیاندەکەن و ڕای گشتی ئاراستە دەکەن. ڕۆڵی کولتوور لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگا پشتگوێخراوە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەری سەرهەڵدانی ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، بۆیەش لەکاتی

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرهەڵدانی هەر رووداو و قەیرانێکی ناوچەیی، کۆمەڵگای توێژینەوە ڕووبەڕووی کێشە و قەیرانی ناوخۆیی دەبێتەوە.

## بەشی چوارەم: ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

### یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە

١.باڵادەستیی بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت، رێگری لە گەشەسەندنی کولتووری دەکات.

٢.بە زەینییەتی حزبایەتی کاروباری کۆمەڵگا بەرێوەدەچێت، حزبیش لە دەرەوەی یاسای گشتی بە میتۆدی خێڵگەرایی و بنەماڵەیی و ناوچەگەری ڕەفتار دەکات.

٤.حکومەت وەک دەزگایەکی سیاسی لەژێر هەژموونی بەرژەوەندییەکانی حزبیدایە.

٥.دەستێوەردانی حزبی سیاسی لە هەموو کارو چالاکییەکانی کۆمەڵگا، هەروەها دەستێوەردان لە ژیانی تایبەتیی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات.

### دووەم: پێشنیارەکانی توێژینەوە

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پلانی نیشتمانی هەڵسووکەوت لەگەڵ گەشەپێدانی کولتووری-نەتەوەیی بکات و ستراتیژیی تایبەت بۆی دیار بکات.

٢.وەزارەتی پەروەردە لە باخچەی ساوایان تاکۆ زانکۆ بەشێوازێکی سەردەمیانە بە پلانی ستراتیژیی گرنگی بە پەروەردەی کوردی بدات.

٣.وەزارەتی رۆشنبیری لەرێگەی دامەزراندنی رێکخراو و دامودەزگای زانستی، بەپلان و پرۆژەکانی کولتووری-نەتەوەیی، بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی کولتوور کار بکات.

٤.حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی سەروەریی یاسا و گرنگیدان بە چەمکی هاولاتیبوون، ڕێگری لە دیاردەی دەستێوەردانی حزبی لە کاروباری حکومی و دەسەڵاتی سیاسی بکات.

### سێیەم: راسپاردەکانی توێژینەوە:

١.رێکخستن و توێژینەوە دەربارەی پاشماوەکانی میراتی کولتووری لە پێداویستییەکانی زیندومانەوەی کولتووری کوردییە.

٢.ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسی لە گەشەپێدانی کولتووری یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی توێژینەوەیە.

٣.دەستێوەردانی حزبی و کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی کولتووری نەتەوەیی، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگای کوردییە کە پێویستی بە توێژینەوە هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

1. باسیرە، سالار (٢٠١٩) کۆمەڵێک توێژینەوە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا، چاپ ئەندیشە، سلێمانی.
2. خزاعلة، عبدالعزیز علی و ئەوانیتر (٢٠٢٠) دەروازەی کۆمەڵناسی، و: توانا فریدون، چاپخانە مێخەک، چاپی دووەم، سلێمانی.
3. خەمەش، مەجدەدین عومەر خەیری (٢٠١٢) کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، و: عبدالله خورشید و ئەوانیتر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
4. زێباری، تاهیر حەسۆ؛ شوانی، محەمەد حوسێن (٢٠١٣) دەروازەیەك بۆ کۆمەڵناسی، چاپ سەردەم، سلێمانی.
5. زێباری، تاهر حەسۆ (٢٠١٧) تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، چاپ دووەم، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسان، هەولێر.
6. شوانی، محەمەد (٢٠١٧) بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی و چییەتیی مێژوو و لەتبوونی ئەنترۆپۆلۆژیا، چاپ کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، هەولێر.
7. عبدالله، جلال احمد (٢٠١٩) پەیوەندیی پاشخانی کۆمەڵایەتی بە بەشداریی سیاسییەوە، تویژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.
8. ڤێبەر، ماکس (٢٠١٨) ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری، چاپ ئەندێشە، سلێـمانی.
9. ڤێبەر، ماکس (بێ ساڵ) چەمکە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی، و: عوسمانی ڕەحیمی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
10. قادر، ئەسرین زرار (٢٠١٩) ڕۆڵی دامەزراوە نیشتیمانییەکان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ وەک نموونە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.

11. قەوام، عەبدولعلی (٢٠٠٩) بەربەستەکانی گەشەسەندنی سیاسی، و: هیوا مەجید خەلیل، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
12. کاکەسوور، نادیە عمر (٢٠١٢) بنەما کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کەسایەتیی کوردی، توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاددین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.
13. کۆیی، هۆشیار محەمەدئەمین (٢٠١٣) هەولێر لە یاداشت و بیرەوەری گەریدە و نووسەرە بیانییەکاندا، چاپخانەی المستقبل، لبنان.
14. مصطفی، عبدالرزاق محمد (٢٠١٢) گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە گوندەکانی هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاددین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.
15. میران، ڕەشاد (٢٠١٦) چەند بابەتێکی ئێتنۆ کۆمەڵاتی، چاپ ڕۆژهەڵات، هەولێر.
16. میران، ڕەشاد (٢٠٢١) مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
17. وەلزی، ئیحسان؛ ئیروانی، موسلّح (٢٠٢٠) سیاسەت و کۆمەڵگا لە باشووری کوردستان، چاپ ئینستیتۆوتی سیاسەتی گشتی، هەولێر.
18. ئەلنوری، قەیس (٢٠٠٦) ئەنترۆپۆلۆژیا چییە، و: سۆران قادر، چاپ سەردەم، سلێمانی.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

1. حامد، السید احمد (٢٠٠٩) نمو الوظیفیه البنائیه، دار العین للنشر، القاهره.
2. ساری، سالم خضر (٢٠١٤) ثقافه التنمیه، الفاعل و المعطل فی الثقافه العربیه، دارکنور المعرفه و للنشر و التوزیع، عمان.

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان**

1. اسپردلی، جیمز؛ مک کوردی، دیوید (١٣٩٠) پژوهش فرهنگی مردم نگاری در جوامع پێچیدە، ت: بیوک محمدی، چاپ پیک فرهنگ، چاپ سوم، تهران.
2. امیری، صالح و همکاران (١٣٨٩) توسعه فرهنگی، نشر پژوهشکده تحقیقات راهبردی، تهران.
3. بیتس، دانیل؛ پلاگ، فرد (١٣٩٠) انسان شناسی فرهنگی، ت: محسن ثلاثی، چاپ نهم، انتشارات علمی، تهران.
4. پانوف، میشل؛ پرن، میشل (١٣٨٩) فرهنگ مردم شناسی، ت:اصغر عسکری خانقاه، چمهر، تهران.
5. پرو، فرانسوا (١٣٨٩) مفهومی نو از توسعه، ت:حسن سبحانی، انتشارات نگاه دانش، تهران.

6. پیران، پرویز (١٣٨٢) توسعه اجتماعی، مجموعه مقالاتی همایش سیاستها و مدیریت برنامه‌های رشد و توسعه در ایران، چاپ: موسسه عالی آموزش و پژوهش مدیریت و برنامه‌ریزی، تهران.
7. توسلی، غلامعباس (١٣٧٢) جامعیت مفهوم توسعه و رابطه آن با فرهنگ، فرهنگ و توسعه، سال سوم، شمار ٩، تهران.
8. حسن، بارزان (١٣٩٦) نقش احزاب در توسعه سیاسی اقلیم کوردستان، عراق، رساله دکتری، دانشکده علوم اجتماعی، دانشگاه تهران.
9. خاتمی، سید محمد (١٣٧٩) توسعه سیاسی و توسعه اقتصادی و امنیت، چاپ طرح نو، تهران.
10. راد، فیروز (١٣٨٢) جامعه‌شناسی توسعه فرهنگی. انتشارات چاپخش، تهران.
11. روشه، گی (١٣٩٢) تغییرات اجتماعی، ت: منصور وثوقی، چاپ ٢٤، نشرنی، تهران.
12. ریویر، کلود (١٣٨٦) انسان شناسی سیاسی، ت: ناصر فکوهی، نشر نی، چاپ سوم، تهران.
13. سن، امارتیا (١٣٩١) توسعه یعنی آزادی. ت: محمد سعید نوری نایینی، نشرنی، تهران.
14. سیدمن، استیون (١٣٩٢) کشاکش آرادر جامعه‌شناسی، ت: هادی جلیلی، چ٥، نشر نی، تهران.
15. عمر، هیوا علی (١٣٩٩) بررسی رابطه قبیله‌گرایی و نظم سیاسی در کردستان عراق، رساله دکتری، دانشگاه شهید بهشتی دانشکده ادبیات و علوم انسانی گروه جامعه‌شناسی، تهران.
16. عنبری، موسی (١٣٩٠) جامعه‌شناسی توسعه. چاپ یاران، تهران.
17. کاظمی، علی اصغر (١٣٩٠) جهانی شدن فرهنگ و سیاست، چاپ دوم، نشر قومس، تهران.
18. گلمحمدی، احمد (١٣٩١) جهانی شدن فرهنگ و هویت، چاپ پنجم، نشر نی، تهران.
19. گیلیس و دیگران (١٣٨٨) اقتصاد توسعه،ت: غلامرضا آزاد ارمکی، چاپ سوم، نشر نی، تهران.
20. مالینوفسکی، برونیسلاو(١٣٧٨) نظریه ای علمی درباره فرهنگ.ت: عبدالحمید زرین قلم، نشر گام نو، تهران.
21. مور، جری دی (١٣٩١) زندگی و اندیشه بزرگان انسان شناسی. ت: هاشم آقابیگ پوری؛ جعفر احمدی، نشر جامعه‌شناسان، تهران.
22. میترۆپۆلیسکی، د.ک و دیگران (٢٠١٣) زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، و: ناسر حەقەرەست، چاپخانەی پیرەمێرد، بەبێ شوێن.
23. هینتگتون، ساموێل (٢٠١٦) پێکدادانی شارستانییەتەکن و دووبارە بوونیادنانەوەی سیستمی جیهانی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
24. هینز، جفری (١٣٩٠) مطالعات توسعه. ت: رضا شیرزادی و جواد قبادی، نشر آگه، تهران.

25. یونسکو (١٣٨٨) صنایع فرهنگی، مانعی برسر راه آینده فرهنگ، ت: مهرداد وحدتی، نشر نگاه معاصر، چاپ دووەم، تهران.

**چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

1. Conrad, K. P (2006) Anthropology the exploration of human diversity. the ligroin hill Campaign, New York.
2. Oxford (2010) Advanced Learners Dictionary, 8th edition, Oxford university press.

**پێنجەم: چاوپێکەوتن**

1. رسول، اسماعیل عبدالرحمان (٢٠٢١/٣/٢٧) داواکاری گشتی، هەولێر.
2. صالح، سرتیپ نعمان (٢٠٢١/٢/٢٤) پارێزەر، راوێژکاری یاسایی، هەولێر.
3. ئەمین، رزگار محمد (٢٠٢١/٣/٣٠) حاکم، ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان.

# Political Obstacles of Cultural Development-An Anthropological Field Study in Erbil City

**Asst. Lect. Yousif Hasan Husen**
Department of Sociology, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
yousif.husen@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Abdullah Khurshid Abdullah**
Department of Sociology, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dr.abdulla_56@yahoo.com

## Abstract

Culture is the main pillar of the development of nations and a human phenomenon and an important tool of human communication with the environment, and development is a multifaceted process in which economic, social, political, and human development are discussed in the literature. In this study, the topic of cultural development and the obstacles to cultural development in the city of Erbil are discussed as the main issues of this research. The political system and way of governing society is also an important and key element of cultural development. The political system of a research society that directs public policy; Under the wave of

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

influence and family interference and kinship and political affiliation, party interference in government affairs and decisions behaves as an unhealthy phenomenon. The marginalization and weakening of the role of civil society organizations is one of the challenges that has hampered the process of developing cultural-national policy.
Research has shown that development is a comprehensive and multifaceted phenomenon, and culture is one of the topics that directly affects the growth and development of society. Preventing the development of culture means preventing change and social progress. The government, as a political institution and the promoter of cultural policy and the impetus for national projects, is under the domination of party power and interests, the party intimacy is above the national intimacy. In this study, obstacles to the process of cultural development in the city of Erbil were identified by the method of anthropology with the direct participation of researchers in the field of research.

## ملخص

الثقافة هي الدعامة الأساسية لتطور الأمم وظاهرة إنسانية وأداة مهمة لربط الإنسان بالبيئة، التنمية هي أيضًا عملية متعددة الأوجه يمكن وصفها في أدبياتها بأنها تنمية اقتصادية واجتماعية وسياسية وبشرية. في هذه الدراسة تمت مناقشة موضوع التنمية الثقافية ومعوقات التنمية الثقافية في مدينة أربيل باعتبارها القضايا الرئيسية لهذه الدراسة. يعد النظام السياسي وطريقة إدارة المجتمع أيضًا عنصرًا مهمًا وأساسيًا في التطور الثقافي. النظام السياسي لمجتمع الأبحاث الذي يوجه السياسة العامة؛ في ظل موجة النفوذ والتدخل الأسري والقرابة وعلاقات الأحزاب السياسية، يتصرف تدخل الحزب في شؤون الحكومة وقراراتها كظاهرة غير صحية. إن تهميش وإضعاف دور منظمات المجتمع المدني هو أحد التحديات التي أعاقت عملية تطوير السياسة الثقافية الوطني.
وقد أثبتت الأبحاث أن التنمية ظاهرة شاملة ومتعددة الأوجه، وأن الثقافة من الموضوعات التي لها تأثير مباشر على تطور المجتمع وتقدمه. منع تطور الثقافة يعني منع التغيير والتقدم الاجتماعي. الحكومة كمؤسسة سياسية وداعية للسياسة الثقافية وقوة الدفع للمشاريع الوطنية، هي تحت سيطرة سلطة الحزب ومصالحه، وعلاقة الحزب الحميمة فوق الألفة الوطنية. في هذه الدراسة تم تحديد معوقات عملية التنمية الثقافية في مدينة أربيل من خلال منهج الأنثروبولوجيا بمشاركة مباشرة من الباحثين في مجال البحث.

المفاهيم الأساسية لهذا البحث هي: الثقافة، التغير الثقافي، الثقافة السياسية، التنمية و التنمية الثقافية.